## کاك مستەفا شەڵماشی لە وتووێژ لەگەڵ سایتی "کوردستان" میدیا"دا:

# پێك هێنانی بەرەیەك لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هەمەگیرو گشتی بێ نەك قوتب ساز

*کاك مستەفا شەڵماشی رووناکبیرو تێکۆشەرێکی سیاسیی ناسراوی کوردستانی ئێرانە کە ئێستا لە وڵاتی هولەند دەژی. کاك مستەفا بەو هۆیە کە برای "مەلا ئاوارە" شەهیدی گەورەی حیزبی دیموکراتە، هەر بە مێرمنداڵی تووشی ئاوارەیی و هەڵقەنران لە زێدو وڵاتی خۆی بوو. دواتریش لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا کارو تێکۆشانی سیاسی دەست پێکرد. لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و پاشان بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب هەڵبژێردرا و بۆ ماوەی دووەدوورە (لە نێوان کۆنگرەی ٤ تا ٦) ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات بوو. ساڵی ١٩٨٦ کوردستانی بەجێ هێشت و لە وڵاتی هولەند گیرسایەوە. لە دەرەوەش، بە تەنیشت خوێندن و کاروباری رۆژانەوە لە کارو تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی غافڵ نەبوو.*

*لە پاییزی ئەمساڵدا کاك مستەفا سەردانێکی کوردستانی کردەوەو ماوەیەك لە نێو دۆستان و خۆشەویستانی خۆی بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا مایەوە. "کوردستان میدیا" بە دەرفەتی زانی وتووێژێکی لەگەڵ پێك هێنا.*

❍ کاك مستەفا! حەز دەکەین لە سەرەتادا باسی ژیانی خۆت لە دەرەوەی وڵاتمان بۆ بکەی. کەنگێ و بۆچی رێگای ژیان لە دەرەوەی کوردستانت هەڵ بژارد؟ ئەو ماوەیەت لە دەرەوە چۆن تێپەڕ کردوە؟ بە کورتی لە تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگیی خۆت لەو ماوەیەدا لە دەرەوە، بۆمان بدوێ.

زۆر سپاستان دەکەم کە بە پێویستتان زانی لەسەر مەسەلە جۆربەجۆرەکان و هەروەها لەسەر ژیان و هەوڵەکانی خۆم لە دەرەوەی وڵات وتووێژم لەگەڵ بکەن. هیوادارم بتوانم لە ئاستی داخوازی و چاوەڕوانییەکانی ئێوەدا وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە.

دەبێ بڵێم لە ساڵی ١٩٨٦ی میلادییەوە من چوومە دەرەوەی وڵات و لە هولەند نیشتەجێم. ئەگەر لە هۆی بناغەیی ئاوارە بوونی من و دەیان هەزار کوردی دیکە بکۆڵینەوە، دەکرێ بڵێین ژێرچەپۆك بوونی گەلەکەمان و داگیرکردنی وڵاتەکەمان هۆی سەرەکیی ئاوارە بوونمانە. تێپەڕاندنی سنوورەکانی کوردستانیش گەلێك هۆی نێوخۆیی و دەرەکیی هەن کە لە چوارچێوەی وتووێژێکدا روون کردنەوەیان زۆر دژوارە، بەڵام ئەم ماوەیەم لە دەرەوە چۆن تێپەڕ کردوە؟ دەتوانم بڵێم پێنج ساڵی هەوڵم بە فێربوونی زمان و خوێندن بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی هولەندی لە بواری پسپۆریی خۆمدا کە "سیستمی زانیاری نەخشەبەرداری" بوو، بەسەر برد. لە ساڵی ١٩٩٢وە لەم بوارەدا لە یەکێك لە شارەکانی هولەنددا کار دەکەم. دواتر لە بواری "سیستمی زانیاریی جوغرافیاییدا" هاوکات لەگەڵ کارکردن خوێندنم درێژە داوە بۆ وەرگرتنی ماستەر لەم بوارەدا.

لە تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگییشدا بە گوێرەی توانا هەوڵم داوە. بۆ وێنە بەشداری کردن لە پێك هێنان و بەڕێوەبردنی ئەنجومەنێکی فەرهەنگی و بڵاوکردنەوەی گۆڤارێك بە ناوی "ئاوارە" کە دە ژمارەی لێ دەرچوو. بەشداری کردن لە کۆمەڵەی کوردی ـ هولەندیدا بە ناوی "کوردن براو" کە لە سەردەمی کۆچە گەورەکەی باشووری کوردستانداو پاش راپەڕین یارمەتییەکی باشی بەو بەشە لە کوردستان کرد. بەشداری کردن لە کومیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەی نەتەوەییدا کە دەکرێ هەوێنی پرسیارێکی جیاواز بێ تا لەوێدا بە درێژتر باسی بکەم. بەشداری کردن لە چەندین سیمناری فەرهەنگی و سیاسی لە سەر کوردو کوردستان لە هولەندو دەرەوەی هەلەند. کە دوو باسی ئەو سیمنارانە یەکێکیان بە ناوی "لێکۆڵینەوەیەك لە سەر کوردستانی ئێران"و دووهەم بە ناوی "چۆنیەتی دامەزراندنی دیموکراسی و حکوومەتی قانوون لە ئێراندا" بڵاوکرانەوە. هەروەها بەرگی یەکەم لە رۆمانی "ژیان و خەبات" لە تیراژێکی کەمدا لە ئورووپا بڵاوبۆتەوە. جگە لەمانەش هەر چالاکییەك بۆ کورد کرابێ و داوا لە من کرابێ، بەشداریم تێدا کردوە.

❍ باسی "ژیان و خەبات"ت کرد وەك بیستوومە رووداوەکانی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٧ ـ ٤٦، هەوێنی ئەم رۆمانە پێك دێنن. لەگەڵ ناو هێنانی ئەو جووڵانەوەیەدا، زۆر کەس، قارەمانانی شەهیدی ئەو جووڵانەوەیەو لە ریزی پێشەوەیاندا، مەلا ئاوارەی

نەمریان وەبیر دێتەوە. لەمێژ بوو ئارەزووم دەکرد رۆژێك لە رۆژان لە بارەی شوێندانانی ئەو برایەت لە سەر کەسایەتیی خۆت، بیروباوەڕو ژیانی سیاسیت پرسیارت لیٚ بکەم. مەلا ئاوارەی رەحمەتی چۆن مرۆڤێك بوو و چ تەئسیرێکی لەسەر ژیانی جەنابت هەبوو؟

راستە رووداوەکانی جوولانەوەی چەکدارانەی "٤٧ ـ ٤٦" هەوێنی بەرگی یەکەمی رۆمانی ژیانو خەبات پێك دێنن. بەڵام باسی شێوەی ژیانو کولتووری گەلەکەشمان لەم نووسراوەیەدا کراوە. هەروەها بەرگی دووهەمی ئەم رۆمانە کە هێشتا تەواو نەبووە، دێتە سەر قۆناغەکانی دواتری جوولانەوە. بەڵام لە وەڵامی ئەم پرسیارەتدا کە "شوێندانانی برای شەهیدم مەلائاوارە لە سەر کەسایەتیی منو بیروباوەڕی سیاسیم" چ بووە؟و ئەو شەهیدە چۆن مرۆڤێك بووەو چ تەئسیرێکی لەسەر ژیانی من هەبووە؟ بۆچوونی خۆم بەم جۆرەیە:

من پێم وایە شوێندانانی شەهید مەلا ئاوارە لەسەر رێرەوی ژیانی من زۆر گەورە بووە. بە تایبەت شەهید بوونەکەی. من تەمەنم پازدە ساڵان بووە کە بەدوای شەهید کرانی ئەودا ئاوارە بوومو هاتوومە باشووری کوردستان. هەوەڵێن ئاوارە بوونم بە خاتری شەهید بوونی ئەوەوە بووە، نەك تێکۆشانی سیاسیی خۆمەوە. کەوابوو شەهید بوونی ئەو رێڕەوی ژیانی منی گۆڕیوە، رەنگە ئەگەر شەهید بوونی ئەو نەبوایە من هەر لە ناوچەکەی خۆمان بوومایەو کەسایەتیی من جۆرێکیتر بووایە. دیارە بیروباوەڕی سیاسیم بۆ خۆم هەڵبژاردووەو پاش ئەو هەموو ساڵەو بیرکردنەوەی زۆریش نەم توانیوە لە جەوهەردا بیگۆڕم، کەوابوو بە قەناعەتەوە بووە. بەڵام خەباتی شەهید ئاوارەو شەهید بوونەکەی بووەتە هۆی ئەوەی کە من لەو رێبازە نیزیك بمەوە، هەڵیسەنگێنمو هەڵی بژێرم.

لەسەر ئەوەی کە شەهید ئاوار چۆن مرۆڤێك بووە، دەبیٚ بڵێم بەداخەوە من ئەوەندەم نەدیوە کە بۆچوونم لەسەر ئەو لە تاقیکردنەوەکانی خۆمەوە سەرچاوە بگریٚ. ئەوەی من دەیزانم زۆرتر لە کۆمەڵانی خەڵكو هاورێکانی ئەو لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتدا، بەدەستم هێناوە. بەڵام ئەو زانیارییانە ئەوەندە کامڵ، هەموولایەنەو گشتی پەسندن کە مرۆڤێکی هێندە خۆشەویست، خەباتگێڕو زانایان لە شەهید ئاوارە لەبەر چاوی من دروست کردوە، کە بۆمن بووەتە سیمبۆلو ئەو مۆدێلە مرۆڤەی کە من بۆخۆم کردووەتە سیمبۆل، لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی ژیانمدا، لە زۆر هەڵەی پاراستوومو لە زۆر جێگایاندا رێنوێنو رێنیشاندەرم بووە. هەر چەند من نەم توانیوە وەك ئەو ببمە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵكو خەباتگێڕێکی تا ئەو رادەیە لەخۆبووردوو، بەڵام یارمەتییشی داوم کە نەبمە رووی ئەودیوی ئەو سککەیە. هەوڵم داوە هێندێك لە سیفەتە بەرزەکانی ئەو لە دەروونی خۆمدا جیٚبکەمەوە. سایەی ئەو هەمیشە لەسەر سەرمەو لانی کەم نایەڵیٚ بە تووڕەبوونی کاتیو بیٚجیٚ لە رێبازی گەلەکەم دوور کەومەوە، یا لە پێناوی رازی کردنی کاتی خۆمدا، قازانجی نەتەوەکەم لەبیر بکەم.

❍ وەك فەرمووت جەنابت یەکێك لەو کەسانە بووی کە لە پێك هێنانو ئامادە کردنی "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد"دا نەخشیان هەبوو. دەتوانین بڵێین ئەو ئەزموونە، یانی پێکهێنانی ئۆرگانیزاسیۆنێك کە نوێنەرایەتیی هەموو نەتەوەی کورد بکا، سەرکەوتوو نەبوو. چونکە نەیتوانی هەموو هێزە سەرەکییەکانی کورد لێك کۆبکاتەوە. دەکریٚ هەڵسەنگاندنی خۆتمان لە بارەی ئەو ئەزموونەوە بۆ باس بکەی؟

پێك هێنانی ئۆرگانێکی نەتەوەیی بە هەر ناوێکەوە بیٚ، بۆ گەلی کورد پێداویستییەکی مێژوویییە. دامەزراندنو راگەیاندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەسەرەتادا زۆر پێشوازی لیٚکراو هیوایەکی دابوو بە کوردەکانی دەرەوەی وڵات. بەداخێکی گرانەوە وەك پێویست بوو، حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵ نەکردو هەولیان نەدا بیکەنە رێکخراوێکی ئەوتۆ کە بتوانیٚ وەك نوێنەری هەموو نەتەوەی کورد دەنگی خۆی بەرز بکاتەوەو بەرگری لە مافە رەواکانی نەتەوەی کورد بکا لە دەرەوەی وڵات. من ماوەی دوو ساڵو نیو لە کومیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەدا بووم. لەو ماوەیەدا زەحمەتێکی زۆرمان کێشا. بەتایبەت کەسایەتییە بیٚلایەنەکان هەولێکی زۆریان داوو تەنانەت دەتوانم بڵێم تا رادەیەکیش باش دەچووە پێش، بەڵام مخابن کێشەو دووبەرەکی لە نێو پارتو رێکخراوە کوردستانییەکان لە لایەكو پاوانخوازیو فەرز کردنی قازانجی رێکخراوەیی بە سەر قازانجی نەتەوەیی لە لایەکیترەوە، کارێکیان کرد کە کۆنگرەی نەتەوەیی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست نەهێنیٚو لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بمێنێتەوەو بە ئامانجەکانی خۆی نەگا.

گومان لەوەدا نیە کە تا بەشی زۆری ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بە تایبەتی ڕێکخراوە بەهێزەکانی مەیدانی جوولانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان پشتیوانی لە ئورگانێکی ئەوتۆ نەکەن، هەرگیز سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ. بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم تا لانی کەم سێدانە لە چوار حیزبە گەورەکەی کوردستان واتە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو کادک، پشتیوانی لە ئورگانێکی ئەوتۆ نەکەن، ناتوانێ بە جۆرێك لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا جێ پێی خۆی بکاتەوە، کە وەك دەنگی هەموو نەتەوەی کورد چاوی لێ بکرێ. هیوادارم ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان باش بیر لەو مەسەلەیە بکەنەوەو بۆ پێك هێنانو چالاك کردنی ڕێکخراوێکی ئەوتۆ تێبکۆشن. جا ئەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو کۆنگرەیە بێ، یا بە ڕێککەوتن لەسەر شتێکی تازە، بۆ گەلی کورد جیاوازی نیە. گرنگ ئەوەیە کە نەتەوەی کورد یەك دەنگی هاوبەشی هەبێ لە دەرەوەی وڵات.

○ هەر ئێستاش گەلی کورد پێویستی بە ناوەندێك هەیە کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، نوێنەرایەتیی کێشەکەی بکا. بە بڕوای جەنابت زەمینەی لەبار بۆ ئەو پێویستییە چۆن دێتە کایەوە (مەبەستم ئەو زەمینەو هەلومەرجەیە کە دەبێ بۆ هاوکاریو هاوهەنگاویی سیاسی لە نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی کورد دا هەبێ)؟

باشترین ڕێگا بۆ زەمینە خۆش کردن بۆ پێك هێنانی ڕێکخراوێکی ئەوتۆ ئەوەیە، کە لە پێشدا پارتو ڕێکخراوە کوردستانییەکان لێك نیزیك بنەوە، زەمینەی هاوکاری لەگەڵ یەکتر خۆش بکەنو دەست لە دووبەرەکیو قسە بەیەکتر گوتن هەڵگرن. دەست لە کاروباری یەکتر وەرنەدەنو لەخۆڕا بەگژ یەکتردا نەچن. هەر پارتو ڕێکخراوەیەکی سیاسی، مەیدانی خەباتی خۆی بزانێو هەوڵ نەدا ریشە بەرەو مەیدانی خەباتی ئەو بەشە لەکوردستان باوێ کە لە ڕاستیدا لە دەرەوەی سنووری ئەوە. بەتایبەت ئەگەر ئەو ریشە هاویشتنە بۆ دەرەوەی سنووری داخوازییەکانی ئەو بێ. بۆ وێنە ئەگەر پارتییەك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوەو ئامانجەکانیشی هەر بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، نابێ دەست لە کاروباری باکووری کوردستان وەردا. هەروەها بە پێچەوانەش. ئەگەر حیزبێك دروست ببێو داوای یەکگرتنەوەی هەموو کوردستانو سەربەخۆیی کوردستان بکا، ئەوە مەسەلەکە دەگۆڕێ. بە کورتی هەوەڵین هەنگاو ڕێککەوتنی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە.

○ پێویستی پێکهاتنی بەرەیەك یا ئیئتلافێك لە نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، ئەمڕۆژانە یەکێك لە باسو مەسەلە گەرمەکانە. گومانم نیە جەنابیشت تا ڕادەیەك لە بیروڕاو هەڵوێستی حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتییەکان ئاگاداری. دەکرێ بیروڕاو سەرنجەکانی خۆت لە بارەی ئەو گەلاڵەو هەڵوێستانەی لەو پێوەندییەدا هاتوونە گۆڕێ، دەربڕی. ئەم هەوڵانە لە چ حاڵەتێکدا دەتوانن سەرکەوتوو بنو بە ئاکام بگەن؟

من زۆربەی بیروبۆچوونەکانم خوێندوونەوە. کەسایەتییەکان داواکانیان ڕوونە، ئەویش یەکگرتنی هێزە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام بۆچوونی ڕێکخراوە سیاسییەکان تا ئێستا هێندێك لێك دوورە. ئەوەی من دەی بینم زۆرتر دەچنە نێو وردەکارییەوەو هەرکەس دیسان دەیهەوێ بەرنامەی خۆی بەرێتە پێش. هێندێك ڕێکخراوی سیاسی هەر لەو کاتەدا کە داوای پێك هێنانی بەرە دەکەن، لەگەڵ هێندێك ڕێکخراویتردا شەڕە قسەیان هەیە.

بە باوەڕی من پێکهێنانی بەرەیەك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هەمەگیرو گشتی بێ، نەك قوتب ساز. پێویستە تەواوی پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەتی کوردستان لە نێوخۆیدا جێبکاتەوە. جگە لەوە پێویستە کەسایەتییە سیاسیو خەباتگێڕەکانیش بە شێوەیەکی چالاك تێیدا بەشدار بنو ببنە هەوێن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ئەوتۆ.

گرنگ ئەوە نیە کە هەچی زووتر شتێك ڕابگەیەنرێ. گرنگ ئەوەیە کە هەرچی زووتر لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا هاوکاری دەست پێ بکرێو پاشان پێکەوە گەلاڵەی بەرنامەیەك یا یەکگرتنێکی نەتەوەیی دابڕێژن. مایەی ئەو گەلاڵەیەو ڕوحی ئەو پرۆژەیە، دەبێ قازانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. پێویستە هێزە سیاسییەکان خۆبپارێزن لە سەپاندنی بەرنامەکانی خۆیان یا کێشە کردن لە سەر ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیان. با لە پێشدا بە هەمووان کوردستان ڕزگار کەن، پاشان هەر کامیان بە ئاسانی دەتوانێ بۆ بەرەپێش بردنی ئامانجەکانی خۆی خەباتی ئاشکرا بکا.

**❍ کاك مستەفا! رووداو ئاڵوگۆڕەکانی جیهانو ناوچە، لەسەر ژیانی سیاسی و خەباتو تێکۆشانی گەلی کوردیش تەئسیریان هەبووە. لێکدانەوەی جەنابت ـ بەسەرنجدان بەو رووداو ئاڵوگۆڕانە ـ لە بارەی داهاتووی سیاسیی گەلی کوردەوە چیە؟ رەوتی رووداو ئاڵوگۆڕەکان گەلی کورد بەرەو کوێ دەبەن؟**

رووداوو ئاڵوگۆڕەکانی جیهانو ناوچە لە دوو دەهەی رابردوودا بە خۆشی‌یەوە بە قازانجی جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بوون. من ئاسۆی داهاتوو گەش دەبینم. پێم وایە زەمینەیەکی لەبار پێك هاتوە بۆ نەتەوەی کورد کە داخوازە رەواکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ. بەڵام هەر بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەشەوە شێوەی خەبات گۆڕاوە. ئێستا سەردەمی ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێنە مەیدان. سەردەمی ئەوە بەسەرچوو کە چاویان لە کۆمەڵێك شۆڕشگێڕی پێشمەرگەی لەخۆبردوو بێ، کە بچنە شاخو ئازادییان بۆ بستێنن. دیارە نەخشی پێشمەرگە ئێستاش زۆر گەورەیە، بە تایبەت لە پێشەنگی کردنی جووڵانەوە، نواندنی هێزی جووڵانەوەو پاراستنی دەسکەوتەکاندا.

ئەوەی کە گەلی کورد تا کوێ کەڵکی لەو ئاڵوگۆڕانە وەرگرتووە لە چ پلەیەکدا دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی وەدی بێنێ، پەیوەندی هەیە بە هێندێك فاکتەری دەرەکیو ناوخۆیی. ئەم فاکتەرانەش لە پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا، جیاوازن. لە باشووری کوردستان هەلومەرجێك رەخساوە کە گەلی کورد بە زۆر لە مافە رەواکانی خۆی گەیشتووەو گومانم لەوەدانیە کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا بە مافی یەکسان لەگەڵ نەتەوەی سەردەست لە عێراقدا، دەگا. لانی کەمی داخوازیی گەلی کورد لە عێراق فیدراڵی‌یەکی نەتەوەیی‌یە، کە پێم وایە زەمینەی باشی هەیەو لە داهاتوویەکی نیزیکدا وەدی دێ. کوردیش دەبێ ئەم هەلومەرجە بقۆزێتەوە، یەك بگرێ، دووحکوومەتی وەلانێو ئەم ئەزموونە کە لە نیوەڕێی سەرکەوتن دایە، بە لووتکەی سەرکەوتن بگەیەنێ.

لە پارچەکانی‌تری کوردستانیشدا هەلومەرج لە جاران زۆر لەبارترە. کاتی ئەوە هاتوە کە کۆمەڵانی خەڵك بێنە مەیدانو داوای مافی خۆیان بکەن. هێزە سیاسی‌یەکانی یەك بگرنو بەرنامەی ئەم قۆناغە بدەنو رێنوێنیی خەڵك بکەن بۆ هاتنە مەیدان. یارمەتی بدەن کە ئەزموونی کوردستان سەرکەوێو ببێتە ئولگۆ بۆ پارچەکانی‌تر.

کاتی ئەوە هاتوە کە هەموو هێزە کوردستانی‌یەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان لێك نیزیك بنەوە. دەست لە دژایەتی کردن لەگەڵ یەکتر هەڵگرن. پەیوەندی نەتەوەیی پێك بێنن. دەست لە کاروباری یەکتر وەرنەدەن. نوسخەی خۆیان بۆ پارچەکانی‌تر نەنووسن. لەجیاتی ئەوە هێزەکانی مەیدانی خەبات یەك بگرنو یارمەتی یەکتر بدەن. پێویستە رێکخراوە سیاسی‌یەکانی باشووری کوردستان، گرنگی زۆرتر بدەن بە پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە کوردستانی‌یەکان، هێزی هاوپەیمانانو ئوپۆزیسیۆنی جارانی عێراق (هێزی حاکمی ئێستا)، هەتا وڵاتە دراوسێکان کە غەیرە نیەتی خراپ نیانە.

هێزە کوردستانی‌یەکانیش، هەموویان دەبێ پشتیوانی ئەزموونی باشووری کوردستان بن. ئەگەر ئەمانە لەبەر چاوبگیرێن، پێم وایە گەلی کورد لانی کەم دەتوانێ هیوادار بێ کە فیدراڵی بەدەست بێنێو بەبێ ترسیش بڵێ ئەگەر داوای سەربەخۆیی بکەم، ئەوە مافی خۆمە.

**❍ جەنابت لە سیمنارێکدا باسێکت لە ژێر ناوی "شێوەی دامەزرانی دیموکراسیو حکوومەتی قانوون لە ئێراندا" پێشکێش کردبوو. بەڕاستی لە وڵاتێکی فرە نەتەوەی وەك ئێراندا، دیموکراسی چۆن دەتوانێ جێگیر بێ. چ جۆرە سیستمێکی سیاسیو حکوومەتی دەتوانێ دیموکراسی، مافی نەتەوەییو مافی هاووڵاتبوون، پێکەوە دابین بکا؟ چونکە هێندێك رووناکبیر هەن کە دەڵێن بە دابین بوونی مافی هاووڵاتی (شەهروەندی)، ستەمی میللی بۆ خۆی لادەچێو مافە نەتەوایەتی‌یەکان دێنە دی!**

بەڵێ ئەو سمینارە لە شاری بۆن لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو. باسەکە زۆر قووڵو ئاوکێشە، بەڵام بە کورتی دەکرێ قامك لە سەر خاڵە سەرەکی‌یەکان دانێم، ئەوانەی دەڵێن مافی هاووڵاتیو مافی نەتەوەیی یەکن، دەیانهەوێ خۆ لە مەسەلەی نەتەوەیی بدزنەوە. مەزنیخوازیی نەتەوەیی بەسەریاندا زاڵە بەڵام نایانهەوێ بیدرکێنن. مافی هاووڵاتی بریتی‌یە لە مافە دیموکراتی‌یەکانی فەردیو یەکسان بوونی هەر فەردێك لەو وڵاتەدا لە بەرامبەر قانووندا. بەڵام زۆر جار ئەمانەش هەموویان دابین کراون، بێ ئەوەی مافی نەتەوەیی گەلێکی ژێر دەست لەو وڵاتەدا هەر لە قانوونیشدا هاتبێ. لە ئێراندا باشترین شێوە بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی بریتی‌یە لە: پێکهێنانی حکوومەتێکی فیدراڵی لە سەر بناغەی نەتەوەییو دانانی قانوونێکی بناغەیی پێشکەوتوو لە سەر بنچینەی مافی مروڤ کە لەوێدا مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلانی ئێران بە

ڕەسمی ناسرابێ. سەرەڕای ئەوەی کە بۆ هەر نەتەوەیەك لە ئێراندا دەبێ دەوڵەتێکی فیدراڵی هەبێ، پێویستە نوێنەرایەتی ئەو نەتەوەش لە دەوڵەتی ناوەندیدا بە ڕادەی گەورەیی ئەو نەتەوەی کە نوێنەرایەتی دەکەن، سەلاحییەتو هێزیان بدرێتێ.

ستەمی نەتەوەیی هیچ کاتێك لاناچێ هەتا لە چوارچێوەی قانووندا بە ڕەسمی نەناسرێو لە هێزی بەڕێوەبردندا دەسەڵاتی پێنەدرێ.

❍ کاك مستەفا! لە ماوەی چارەکە چەرخێك دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا، کوردستانی ئێرانو ئێران بەگشتی ئاڵوگۆڕی زۆریان بەسەردا هاتوە. جەنابت ئاڵوگۆڕەکانی کوردستانی ئێران چۆن دەبینی؟ ئەوجموجۆڵو بزووتنەوانەی لە کوردستانی ئێران هەن، کامانەن؟ چەندە لەژێر تەئسیری بزووتنەوەی مێژوویی‌و میللی ـ دیموکراتیکی گەلی کورد دانو، کاریگەریی بزووتنەوەی ریفورمخوازیی ئیران لەسەر ئەوان چیە؟

لە چارەکە چەرخێك دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، دوو هێزی کۆمەڵایەتی بەردەوام لەگەڵ یەکتر لەبەربەرەکانیدا بوون. هێزی کۆنەپەرستی بە سەرۆکایەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و هێزی نوێخوازی بە ڕێبەرایەتی پارتو ڕێکخراوە سیاسیيە پێشکەوتنخوازەکان، ڕووناکبیرە نوێخوازەکان، ژنانی تینووی ئازادی‌و خوێندکارانی عاشقی دیموکراسی. ئەو دوو بەرەیە لە کێبەرکێیەکی هەمیشەییدا شان بە شانی یەکتر بوون، بەڵام بە ئامانجی دژ بە یەك. هەرچەند بەرەی کۆنەپەرستی هەموو ئیمکاناتی ماددیی ئێرانی بە دەستەوە بووەو بۆ لەنێوبردنی بەرەی پێشکەوتنخواز هەزاران جینایەتی کردووەو دەیان هەزار زیندانیی سیاسی ئیعدام کردوە، هەر نەیتوانیوەو ناشتوانێ چۆك بە خوازیارانی ئازادی دا بداو چەرخی مێژوو ڕاوەستێنێ. ئەوەش تا ئێستا بۆ هیچ دیکتاتورێك ئیمکانی نەبووە.

باڵێك لە ڕێژیم بە سەرۆکایەتیی "خاتەمی" هەوڵیدا بە وادەو بەڵێنی نیوەچڵو قسەی زلی بێ پشتیوانە ئازادیخوازان فریو بداو بێدەنگو ڕازییان بکا، کە ئەویش سەرکەوتوو نەبوو. لە ئاکامدا خزایەوە نێو هێلانەکەی خۆی. بۆیە هەر ئێستا قووڵ بوونەوەی ناکۆکی لە نێوان کۆماری ئیسلامی‌و کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا لە هەموو کاتێك گەورەترە.

لە کوردستان کێشەکە لەوەش زۆرتر قووڵ بۆتەوە. گەلی کورد هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕێژیمەی قەبووڵ نەکردوە. جگە لەوە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان هەمیشە بەهێزبووە. مۆدی ئیدئۆلۆژی بازی نەماوەو خەڵك بەگشتی خوازیاری چارەسەرێك بۆ مەسەلەی نەتەوەیین. کۆمەڵگا لەم ماوەیەدا لە بواری خوێندەواریدا چۆتە پێشو گەلێك کادری پێشکەوتووی سیاسی پێگەیون. بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئێستا لە بەرزترین پلەی خۆیدایە، هەرچەند ڕێك نەخراوە. ئەم بزووتنەوەیە ڕیشەدارەو تازە تەنانەت بە ریفۆرمیش ڕازی نابێو مافی ڕاستەقینەی گەلی کوردی دەوێ. ڕێژیم لە دانی ریفۆرمدا "ئەگەر ویستبێتی" زۆر تەمبەڵی کردووەو دوا کەوتوە، ڕەنگە تەنانەت ئەگەر بیشی هەوێ تازە درەنگ بووبێو فریای نەکەوێ.

❍ بەبڕوایجەنابت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران توانیوێتیو دەتوانێ ڕێبەرایەتیو نوێنەرایەتیی سیاسیی خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران بکا؟

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خۆشەویسترینو بەنفووزترین حیزب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە. من دەتوانم بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەم پشت بە سێ فاکتەر ببەستم. یەکەم لە تەنیا هەڵبژاردنێکدا کە تا ئێستا کراوە، ئەمە سەلمێنراوە. دووهەم لەو پەیوەندییەدا کەلەگەڵ ناوخۆی وڵات هەم بوو ئەمەم بۆ دەرکەوتوە. سێهەم مەسەلەی نەتەوەیی کە حیزبی دیموکرات هەمیشە ئاڵاهەڵگری بووە، ئێستا بووەتە داخوازی هەموو چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستانو بە تایبەت ڕووناکبیران پشتیوانی لیٚ دەکەنو ئامادەن لە پێناویدا خەبات بکەن. جگە لەمانەش حیزبی دیموکرات سەرەڕای تەواوی ئەو گیروگرفتانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆی هاتۆتە پێش، توانیویەتی بە خاوێنی خۆی ڕابگرێو درێژە بە خەبات بدا.

دیارە لە مەیدانی خەباتی سیاسیی کوردستانو لە نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا حیزبو ڕێکخراوی سیاسی تریش هەن، کە هەر کام بە گوێرەی تواناو نفووزی خۆیان لە جووڵانەوەدا بەشدار بوون. باشترین ڕێگا بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەوەیە کە هەموو حیزبو ڕێکخراوە سیاسیيەکان لە ڕێکخراوێکی نەتەوەییدا یەك بگرنو هێزەکانیان بکەنە یەك.

**❍ حیزبی ئێمە بەرەو کۆنگرە سێزدەهەمی خۆی دەچێ. وەك رووناکبیرو سیاسی‌یەکی ناسراوی کوردو وەك تێکۆشەرێکی دێرین کە عەلاقەی تایبەتیت بە پێشکەوتنی حیزب هەیە، چ چاوەڕوانی‌یەکت لە کۆنگرەی سێزدەهەم هەیە؟**

کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب لەهەلومەرجێکی زۆر مێژوویی‌و قۆناغێکی ئێکجار گرنگدا دەگیرێ. ئەو کۆنگرەیە لانی کەم پێویستە سێ هەنگاوی گەورە هەلێنێتەوە. یەکەم، گونجاندنی دروشمو ستراتیژی‌یەکەی لەگەڵ سەردەم. ماوەیەکی زۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ستراتیژی‌و دروشمەکانی خۆی هەڵنەسەنگاندوون. پێویستە ئەمجارەیان بە وردی دروشمەکانی شی بکاتەوەو بە پێی ئەم قۆناغە لە خەبات دایان رێژێتەوە.

دووهەم، پێویستە بەرنامەیەکی تازە بۆ درێژەدانی خەبات لە هەموو بوارەکاندا دابڕێژێ. میتۆدو رێگای تازە کە لە گەڵ ئەم قۆناغە لە خەبات بگونجێن هەڵبژێرێ‌و بە شێوەیەك کە لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێ کار بکا.

سێهەم، دەبێ هەوڵ بدا رێبەرایەتیی حیزب بە هێز بکا، چ بە دانانی سیستمێکی تازەی بەڕێوەبەری، چ بە بەهێزکردنی ئەو ئورگانانەی کە راستەوخۆ لەگەڵ رێبەرایەتی کاردەکەن یا بە بەهێزکردنی خودی ئورگانی رێبەرایەتی لە باری چۆنی‌و چەندی‌یەوە.

دەست کردن بەو پرۆسەیە پێویستە لە ئێستاوە بێ. ئەرکی پێش کۆنگرە دەبێ ئەوە بێ کە هەوڵ بدرێ بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی پڕنێوەرۆك. دەبێ هەوڵ بدرێ کە رادەی زانیاری‌و تێگەیشتنی سیاسیی ئەندامانی کۆنگرە لەسەرێ بێ. بەشدارانی کۆنگرە لە پێشەوە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئاڵوگۆڕانە ئامادە بکرێن‌و پێشتر بە گەلاڵەی رێك‌وپێك چوارچێوەی ئاڵوگۆڕەکانیان بۆ روون بکرێتەوە.

**❍ لەم ساڵانەی دوایی‌دا ژمارەیەك لەو کەسانەی رۆژگارێکیان لە حیزبی دێموکراتدا تێپەڕ کردوە، بیرەوەری‌یەکانی خۆیان بڵاوکردۆتەوە. ئایا جەنابت بیرت لە بیرەوەری نووسین نەکردۆتەوە؟ ئەو بیرەوەرییانەی بڵاوبوونەوە، خوێدوتنەوە؟ چۆنیان هەڵدەسەنگێنی؟ لایەنە باش‌و خراپەکانیان چن؟**

بیرەوەری نووسین ئەگەر بۆ تۆمار کردنی خاڵە گرنگەکانی نێو جووڵانەوەی رزگاریخوازیی گەلێك بێ بەکەڵکە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەو بیرەوەرییانەی کە تا ئێستا بڵاوبوونەوە بریتین لە نازو گلەیی. جاری واشە نازو گلەیی‌یەکە توندوتیژ بووەو حاڵەتی هێرش‌و پەلاماری لەفزیی بۆ سەر ئەم‌و ئەوی بەخروە گرتوە، کە بە هیچ شێوەیەك بە قازانجی جووڵانەوە نیە.

هێندێك شتی باشیش لە نێو بیرەوەری‌یەکاندا هەن. بە تایبەت تۆمارکردنی رووداوە گرنگەکان بە رۆژو شوێنی روودانەوە. ئەم تۆمار کردنە دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ مێژوونووسانی داهاتوو. هەرچەند شتی واشیان تێدایە کە هیوادارم نەچنە نێو مێژوو.

**❍ کاك مستەفا! لەوە کە داوای ئێمەت بۆ وتووێژ قبووڵ کردو وەڵامی هەموو پرسیارەکانت داینەوە، سوپاست دەکەین. حەز دەکەین وەك دواپرسیار پێمان بڵێی، کوردستانی ئازادو حیزبی دێموکراتت لەم سەفەرەتدا چۆن بینی؟ ئایا ئەم سەفەرەو ئاکامەکانی، ئەو پرسیارەیان لە مێشکتدا نەخولقاندوە کە "تا کەنگێ دوور لە کوردستان دەژی"و ئایا وەختی ئەوە نەهاتوە بگەڕێیەوە کوردستان‌و لەو جێیەی میللەتەکەت پێویستی زیاتری پێتە، درێژە بە تێکۆشان بدەی؟**

منیش سوپاستان دەکەم. ئەوەی لەم سەفەرەمدا لە کوردستانی ئازاد دیم، بە وەڵامی پرسیارێك باس ناکرێ. بە کورتی دەڵێم لە خۆشیان "شاگەشکە" بووم. دیدار لەگەڵ حیزبی دێموکرات‌و هاوڕێیان، بە ئەندازەی یەك دنیا شادیان کردم. جگە لەوە پێم خۆش بوو کە هەر ئەوەم دی لە حیزبی دێموکرات کە چاوەڕوان دەکرا. بە خۆشی‌یەوە وەزعی حیزب باش دەبینم‌و هەرچەند لە ساڵەکانی رابردوودا گوشارێکی زۆر خراوەتە سەر حیزب، بە باشی لەو تاقی کردنەوەیە سەری هەلێناوەو بە خۆڕاگری‌یەوە راوەستاوە.

سەبارەت بە گەڕانەوەم بۆ کوردستان، ئاواتێکی لەمێژینەیەو هیوایەکە بۆ من، بەڵام دەبێ گیروگرفتە سیاسی‌و شەخسی‌یەکان مۆڵەت بدەن‌و ئیمکان پێك بێ. دیسان سوپاستان دەکەم.